# دۆگما و بیروباوەڕ لە ئایینی یارسان

(PP 112 - 123)

**ID No.1809**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.4.6

**زریان جیزنی محمد**

کۆلێژی ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

semaako75@gmail.com

**وەگـــــرتن : 08 /11 /2017**

**پەسندکردن : 2018/02/27**

**بڵاوکـردنەوە :2018/09/10**

**پوختە**

ئایین ڕەگەزێکی گرنگی کولتووره و هزرو ڕامانی ئایینی یارسان، ئایینێکی کوردییه و بەشێکی گرنگی کولتووری کورده و لە ئایینە دێرینەکانی وەکو میهر پەرستی و زەردەشتی و زەرڤانی، کە ڕیشەیان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە و تێکستە پیرۆزەکانی ئایینەکە  بە شێوەزاری گۆران(هەورامی کۆن)نووسراوە، لەم توێژینەوەیەدا ڕاستەوخۆ پشت دەبەستین بە تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان لە کتابی پیرۆزی(سەرەنجام)و چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایان و پیرانی یارسان کە لای زۆربەی بڕوادارانی ئایینەکە قبووڵکراون.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ تیشکی بخەینە سەر لەم توێژینەوەیەدا، دۆگماکانی بیروباوەڕی ئایینی یارسانە، ئەویش یەکێتی بوون و بەرجەستەبوونی خودا و دۆناو دۆنە، کە تا ئەمڕۆش زۆر لە ئاستێکی سنووردار و تەم و مژاوی لەلایەن یارسانەکان خۆیان کاری لەسەرکراوە و لەبەر هۆکارگەلی جیا جیا تا ئەمڕۆش توێژەران توێژینەوەی پێویستیان لەم بوارەدا نەکردووەو ئایینی یارسان وەکو نهێنییەك ماوەتەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردستان لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە گرنگی بابەتەکە، وەکو پێویست توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی لەبارەوە نەکراوە و ئەمڕۆش زۆر لایەنی ئایینەکە بە نادیاری ماوەتەوە بە تایبەت لە لایەن شارەزایانی یارسانەکان خۆیان، ئەو نووسەرو توێژەرانەی کاریان لەسەر هزر و ڕامانی ئایینی یارسان کردووە دەکرێ پۆلێنیان بکەین بۆ دوو گروپ، نووسەرە یارسانییەکان و ئەوانەی بڕواداری ئایینی یارسان نیینە و لەسەر یارسانیان نووسیوە: لە ناو یارسانەکاندا دەکرێ ئاماژە بە دوو گروپ بدەین، ئەوانەی کە کلامەکان دەنووسنەوە و زانیاری کۆدەکەنەوە بۆ خۆیان و ئەدەبیاتی ئایینەکە دەخوێننەوە و تەمبوور دەژەنن و ئارەزووی شارەزابوونی زیاتریان هەیە لە ئایینەکە، جێگای سەرنجی ئێمە نیین، ئەو نووسەر و توێژەرانەی کاری زانستیان کردووە، گرنگە ئاماژە بە هەندیك لەمانە دەکەین: نور علی الهی(برهان الحق)تهران1360 ی چاپی چوارەم، خۆی بەرجەستەکەرێکی بچوکە و زانیاری قووڵ دەخاتە ڕوو لە بارەی فەلسەفە و ڕامانی ئایینی یارسان. تەیب تاهیری، تێکستەکانی سەرەنجامی بەراورد کردووە و پیاچوونەوەی بۆ کردووە و بە چاپی گەیاندووە لە 2007 وە تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجامی نووسیوە بە زمانی کوردی و فارسی لە 2009 کە زانیاری و شیکاری کردووە و تیشکی خستۆتە سەر زۆر لایەنی تەمومژاوی ئایینەکە، هاوکات زەبوری حەقیقەتی کۆکردۆتەوە و بانگی سەحەدانی نووسیووە. بە کورتی نووسەر ساڵانێکی زۆر لە قووڵایی ئایینی یارسان کاری کردووە، ئەوەی لایەنی لاوازی نووسەرە، گەیاندنی ناوەرۆکی بابەتەکانە بە زمانی کوردی، کە زۆرجا وەرگێڕ وەکو پێویست ووردەکاری و هەستیاری مەبەستی نووسەر لە شیکاریەکان نەگەیەنراون. هەردەوێڵ کاکەیی، ساڵانێکی زۆرە کاری وورد و فراوانی کردووە لەسەر تیکستەکانی ئایینی یارسان و بەراوردکاری و ساغکردنەویان، بەڵام سەرجەم کارەکانی تەرخانکردووە بە تایبەت بۆ ناوەخۆی یارسانییەکان. د. گولمراد مرادی(نگاهی گزرا به تاریخ و فلسفه اهل حق(یارسان)) لە سوید، 1999 بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئۆلەکانی جیهانی نووسیوە2010 لە ڕێگەی

شیکاری تێکستەکانی کلام و ڕاڤەکاری وورد دڵنیمان دەکاتەوە لە سەربەخۆیی و تایبەتمەندی دنیابینیین و کوردی بوونی ئایینەکە. فەلەکەدین کاکەیی خۆی پەروەردەی ژینگەیەکی عیرفانی بووە و بە درێژایی ژیانی هەوڵیداوە ئایینە کوردییەکان وەکو ڕۆحی نەتەوەیی کورد بناسێنێ جێگیربکات، زۆرێك لە ڕاڤەکارییەکانی بۆ ناوەخۆی یارسان تۆمارکراوە، بەشی چوارەمی پەروەردەی ئیسلامی و ئاییناسی نووسیوە لەژێر ناوی ئایینی کاکەیی(یارسان) و پێشەکی بۆ پەیامی کاکەیی نووسیوە، لە ئامادەکردن و شیکردنەوەی هەردەوێڵ کاکەیی ساڵە 2012.

لە دەرەوەی یارسانەکانیش  لەوانەی کاری باش و سودبەخشیان لەسەر هزر و ڕامانی ئایینی یارسان کردووە: دکتۆر جەمال نەبەز، فەلسەفەو ڕامانی یارسانی 2009، دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، 2010. دکتۆر ڕشاد میران، ڕەوشی ئایینی نەتەوەی لە کوردستان،2017، دکتۆر مەحەمەدی موکری، چەند باسێ دەربارەی ئەهلی حەق، 2005، ئەیوب ڕۆستەم، کاریگەری ئاوێستا بەسەر ڕابەران و پیرانی  یارسانەوە، 2011، دکتۆر سدیق بۆرەکەیی(سەفی زادە)، مێژووی وێژەی کوردی 2008، دکتۆر میهردادی ئیزەدی، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە 2006، دکتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی ، 1984. وە مێژووی هەورامان 2016. چەندان نووسەر ڕۆژهەڵاتناسیش زانیاریان کۆکردۆتەوە و کاریان لەسەر ئایینی یارسان و کولتوورەکەی کردووە، بەڵام هێشتا زۆر زیاتر توێژینەوە و کاری ئەکادیمی وورد پێویستە، تا ڕیشە و ڕەگەزە گرنگەکانی ئایینی یارسان و دنیابینییەکەی ساغ بکرێتەوە و لە تەم و مژ ڕزگار بکرێ.

**پێشەکی**

بنچینەی هەموو ئایینێك باوەڕکردنە بە ڕووداوی ئەودیو سروشت( میتافیزیك)و کرداری پەڕجۆ (معجزه)و، سەرئاسایی( خارق العادە)ی کە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، باوەڕ شتیکی (معنوی)کە لە هەست و، دەروونی مرۆڤدا لە شێوەی خۆشەو یستییەکی بێئەندازەدا بەرامبەر بەو خۆشەویستە دروست دەبێ. تایبەتکارێکی باوەڕ ئەوەیە، کە نایەتە پێوانە کردن. ڕاستی و ناڕاستیشی بە بەڵگە و تاقیکردنەوە ساخ ناکرێتەوە و وتووێژی بابەتانەشی لەسەر ناکرێ، بە پێچەوانەی ئەمەوە، زانست، شتێکی ماکی(مادی)یەو، مرۆڤ لە ئەنجامی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و بەهەڵەچوونەوە، پێگەیشتووە و، بەڕاستی و ناڕاستیشی لەڕێی ئەزمونەوە ساخ دەکرێتەوە.

تایبەتکارێکی دیکەی باوەڕ، ئەوەیە کە بۆ خۆت ڕاستە و درۆ نییە، واتە بەلای خاوەن باوەڕەوە، ڕاستە. ئەگەرچی، لە لای خەڵکی دی ڕاست نەبێ. لەبەر ئەوە، باوەڕ، هەرچەندە بەبەڵگەی میناکی و تاقیکردنەوە ساخناکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، بە درۆ دانانرێ و دەبێ لە درۆ جیابکرێتەوە، چونکە، درۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بەوپەڕی هۆشیارییەوە وێنەی چیرۆکێك کە ڕوویداوە بگۆڕێ، یان بە هەڵە بیگێڕێتەوە، یان لێیدابشکێنێ، یان بە دەمیەوە بدات و، شتی نەبوو نەکراوو ڕونەداو بخاتەسەری. بەڵام باوەڕ وەك خەونێك وایە کە کەسێك خەونیك دەبینیت بەوەوە کە دراوسێکەی لە خەونیدا مردووە. ئەمە بۆ دراوسێکەی دەگێڕێتەوە. دراوسێکەی، مافی ئەوەی نییە پێی بێژێ تۆ درۆ دەکەیت، ئەوەتا ئەز سپ و زیندووم و نەمردووم. چونکە، خەونی ئەو کەسە، وەك خەون، ڕاستە و ئەوکەسە درۆی نەکردووە. ئەو خەونی دیوە. ئەگەرچی، دراوسێیەکەشی لەڕاستیدا نەمردووە. هەروەها خاوەن خەونیش مافی ئەوەی نییە، بە دراوسێکەی بێژی، تۆ مافی ژیانت نەماوە، تۆ لە خەونی مندا مردبوویت. چونکە، ئەو بە خەون دیویتی، نەك بە شیوەیەکی بابەتیانە. باوەڕی ئایینیش هەروایە. هەموو خاوەن ئایینیك کە باوەری بە خوای خۆی و پیرۆزمەندییەکانی ئاینەکەی خۆی هەبێ، ئەوە بەلای خۆیەوە ڕاستە و، کەس مافی ئەوەی نییە پێبیژی(تۆ درۆ دەکەیت و ئەم باوەڕەی تۆ، هەمووی درۆ و پروپووچن)، هەر لەبەر ئەوەی باوەڕی کەسی دووەم، لە باوەڕی کەسی یەکەم ناچێ. کەسی یەکەمیش مافی ئەوەی نییە، هەرخۆی بە ڕاست بزانێ و کەسانی دی بەدرۆزن. چونکە، سەرچاوەی باوەڕ خۆشەویستییە و لە خۆشەویستیدا درۆ و ڕاستی نییە و خۆشەویستی، هەستیکی میناکییە و ناچیتە ژێر هیچ قانوون و پێوانەیەکەوە و نەبەزۆر دروستدەکری، نەبەزۆر دەسەپێندرێ و نەبەزۆریش بەریدەگیرێ. جەمال نەبەز(2009، لا 3-4)

لەم توێژینەوە پشت دەبەستین بە تێکستە پیرۆزەکانی کتابی ئایینی یارسانەکان(سەرەنجام)، بەتایبەت لایەنی دۆگماکانی ئایینەکە، کە هەمیشە ترسێکی نادیار ئارەزووی تیشك خستنەسەر ئەم لایەنەی ئایینەکە، توێژەرانی ساردکردۆتەوە.

ئایینی یارسان لە زۆر ڕووەوە پێویستی بە توێژینەوەی وورد و قووڵ هەیە، بۆ ڕزگارکردنی ئایینەکە لە فەوتان و پاراستن و بەرگریکردن لێی بەرامبەر هەموو پەلامار و دەستدرێژییەك، هاوکات بوژانەوە و گەشەپێدانی تابەتمەندیەکانی ئایینی یارسان کە بەشێکی گرنگی کولتووری کوردە دەبێتە ئەرکی سەر شانی هەمووماں، نەك تەنها خودی یارسانییەکان، بە تایبەتی ئەوڕۆ، کە یارسانییەکان لەبەر جیاوازی ئایینەکەیان، گەلێك پتر لە جاران بوونەتە ئامانجی چەوسانەوە و لەنیوبردن، لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە و لە ناوەخۆی کوردستانیش، وەکو راستیەك بە شێوەیەکی فەرمی ئەمڕۆش ناوی یارسان (کاکەیی) و ئایینە دێرینەکەیان وەکو ئایینەکانی تر قبوڵ نەکراوەو لە ناو ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا جیگای نەکراوەتەوە و نەچەسپاوە.

**واژەی (یارسان)**

یارسان کۆمەڵەیەکی ئیتنۆ ئایینین لە نێو قەوارەی نەتەوەی و لە شوێنەکانی خۆیاندالە قووڵایی کوردستان دەژین و ناوچە شاخاوییە سەختەکان زێدی باپیرانیان بووە و پاشان بڵاو بوونەتەوە، یارسان باوەڕێکی ئایینی و گەلی نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە. یارسانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی هەورامان و لوڕستان دەژین و لە ناوچەکانیتر و هەروەها لە دەرەوەی کوردستانیشدا بە شێوەی گروپی بچووك دەژین، تا ئێستا هیچ مەتریاڵ و سەرچاوەیەك سەبارەت بە ژمارەی یارسانەکان لە ئارادا نییە.

ڕشاد میران(2017، لا 192)

لە ماوەی نزیکەی (1200)ساڵ، واتە لە دەرکەوتنی ببالوولی داناوە لە لوڕستان ئایینی یارسان شێوەزاری گۆران(هەورامی کۆن)ی بە بنەمای دەربڕین وەرگرتووە بەردەوام ئایینەکە لە ڕیگەی خول و دەورەکان لە لایەن ڕابەرانی ڕۆشن دڵی یارسان تازەکراوەتەوە.

فەلەکەدین(2012، لا104)

ئایینی یارسان لە بناغەوە ڕێبازێکی سۆفیگەری عیرفانییە، داکۆکی دەکات لە تاکە کەس، چونکە ڕۆحی ئینسان بە تەنها دۆنایدۆن دەکاو قاڵب دەگۆڕێ. خەڵك بە کۆمەڵ پێکەوەن لەم دنیایەدا، بەڵام لە ژیانەکانی دیکەدا، چ ڕابردوو یا داهاتوو، هەر کەسێك بە تەنیا دەگوێزرێتەوە، کە دەبێت لەم ژیانەدا هەوڵبدات بە چلەی بەرزی پاکبوونەوە بگات.

زیکرو پەرستن ونوێژی بە کۆمەڵ لە ئایینی یارساندا هەیە، بەڵام هەموو ڕێوڕەسم و شێوەی پەرستنەکان هۆکارن تا یاری بڕوادار ئامادەیی خۆی وەربگرێت و بە تەنیا ڕێگەی عیرفانی و گەیشتن بە کەمالی ڕۆحی بباتە سەر، کەس لە جیاتی کەس ناتوانێت ئەو ڕێگایە ببڕێت. هەر کەس دەبێت زەحمەتی خۆی بکێشێت، ئەوەش ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی مەعنەوییە. چونکە سۆفیگەری و عیرفان کۆت و زنجیر و کۆسپەکانی بەردەم ئینسان لا دەدات، تا ئازاد بێت لەم سەفەرەدا. عیرفان ڕێگەی ئازادیی فەردی مەعنەوییە، تا لە کۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵگاو فشاری فیکری و دابونەریت و وەهمەکان ڕزگاری دەبێت.
فەلەکەدین( 2012، لا 104)

سۆفیگەری و عیرفانی یارسان، لە جەوهەردا، هەمان ڕێگەی سۆفی و عارفانی ئایینەکانی دیکەیە. هەربۆیەش یارسان سۆفی و عارفە گەورە ناودارەکانی جیهانی ئیسلام بەهی خۆیان دەزانن و لە خۆیانی دەژمێرن، کە لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچییەوە تا ئەمڕۆ پەیدا بوونەو بە یارو دۆست و ڕێنومای خۆیان دەناسن و زۆربەیان ناویان لە زنجیرە دۆناودۆنەکانی تۆمارکراو لە تێکستە پیرۆزەکانییشیاندا، ناویان هاتووە. فەلەکەدین( 2012، لا 106)

هزرو ڕامانی ئایینی یارسان هەر لە سەرەتاوە، وەکو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و فکری و فەلسەفی سەری هەڵدا دژ بە ستەم و زۆرداری و دەسەڵاتی سەردەمانی بەر لە دوازدە سەدە بەم لاوە، ئەم بزاڤە تاك و تەنیاو گۆشەگیر نەبووەو لە پەراوێزدا نەژیاوە، بەڵکو هەمیشە، وەك ڕووبار، تێکەڵاوی جوڵانەوەی کۆمەڵگای بەشەرییەت بووە بەرەو ڕزگاری و گەیشتن بە ڕۆشنایی و کەمالی ڕۆحی. بۆچوونی شارەزایان دەڵێن کە ئایینی یارسان شۆڕش بووە دژ بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سەردەمی خۆی، کە سەرانسەری چیاکانی زاگرۆس و دەوروبەری گرتۆتەوە، هەربۆیەش زیارەتگاو مەزارگەی پێشەواو ڕۆحانیەکانی یارسان لە نزیك تەبرێز و ئەردەبیل(هەردەوێڵ)ەوە تا هەمەدان و کرماشان و هەورامان و شارەزوورو لوڕستان و بەغداو کەرکوك و موسل. شوێنەواری مێژوویی هەموو ئەوانە ماون و ئێستاش پارێزراون و جوگرافیاناسی ئەم وڵاتانە ئاماژەیان بۆ دەکات، کە هەندێکیان تەنها زیارەتگای یارسانەکان نین، بەڵکو باوەڕدارانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی دەوروبەریش یادیان دەکەنەوە و زیارەتیان دەکەن.
فەلەکەدین(2012، لا5-6)

ناوی یارسان یا(یارستان)، کاکەیی، ئەهلی حەق:

هۆکاری خۆی هەیە کە ئایینی یارسان بە ناوی جیا ناسراون لە کوردستان، بەڵام لێرە ناچینە ناو ئەم بابەتەوە، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو توێژینەوەی ئێمە، بەڵام هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو ناوە سەرەکیانەی کە ئایینی یارسانی پێ ناسراوەو یارسانەکان قبوڵی دەکەن .

ووشەی یارسان لە دوو برگە پێکهاتووە، یار ناویکە لە ناوەکانی کاکەیی و نازناوی سوڵتان سەهاکە، هەروەها یانی خۆشەویست، میهرەبان و ناوێکی کۆنی خوایە لە شێوەزاری گۆران(هەورامی کۆن)، هەروەها دۆست و هاوکار. واژەی میرەبان یەکێکە لە ماناکانی (یار). ئەمەش ڕستەیەکی مێژوویی دەردەبڕێت کە ڕیشەی باوەڕی ئایینی یارسان بۆ ئایینی هەرە کۆنی میهرپەرەوەری(میترایی) و زەرەشتی دەگەڕێتەوە. لەوێدا(میهر) بە مانای خۆر، ڕووناکی، خۆشەویستی، برایی، هاتووە. هەروەها میترا خواوەندی پەیمان و ڕاگرتنی ڕاستگۆیی و پەیمانەکانە، هەر بۆیە ئێستاش یارسان پێڕەوی لە پەیمان و بەڵێن خۆیان دەکەن و نابێ بەرامبەر بە خۆیان و خەڵکی تریش پەیمان شکێن بن. چەندان ڕێوڕەسم هەن بۆ دانان و چەسپاندنی هاوسۆزی پەیمانی ناوخۆ، چ بە تاك یا بە کۆ. هەروەها بەرامبەر بە غەیری خۆیانیش دەبێ ڕاستگۆبن. ئەمەش دەمانباتەوە سەر فەلسەفە و ڕێنومایی ئایینی زەردەشتی کە داکۆکی هەرە گرنگ دەکات، لە ڕاستی و دروستکاری و ڕاستگۆیی، کە دەڵێ: ڕاستی( ئەشا) یاسای گەوهەریی جیهانە. لە زۆر لایەنەوە خاڵی لێکچوو و هاوبەشی زۆر هەنە کە ئایینی یارسان گرێدەدا بە هزر و ڕامانی ئایینە دێرینەکانی وەکو میهر پەرستی و زەردەشتی. لێکچوون یا ڕەنگدانەوەی بیری ئایینی میترایی لە ئایینی یارساندا وەك(ڕاستگۆیی) پێداگرییە لەسەر(پەیمان)، کە لەم ئایینەدا زۆر گرنگە، لە بارەوە لە سەرەنجامدا، سوڵتان سەهاك دەفەرمێ:

چە قەوڵ یەکتر نەکرانی ڕەم    دایێم زکر حەق بووە نیشان نەدەم

میترا هەم لە(ڕیگ ڤیدا)ی برەهمەنەکانیشدا، خواوەندی پەیمان و ڕاستی وتیشك و ڕووناکییە، لە (ئاوێستا) ، ئەم خواوەندە دژ بە درۆ و پەیمان شکێنی دەوەستێ. لە ڤۆناغی دواتر تەنانەت بە پێی کڵامی یاری لە (سەرەنجام)دا، کە کیتابی پیرۆزی ئایینی یارسانە، دەڵێ (سەرەنجام)، لە جێگای (ئاوێستا)یەو پیر بنیامینی شاهۆ(سەدەی هەفتەمە کۆچی دەرکەوتووە)، کە پیر و مورشیدی گشت یارسانە، جێگەی زەردەشتی گرتۆتەوە، بە پێی سەرەنجام:

زوڵاڵ ئاوێستا، زۆڵاڵ ئاوێستا    ئەسلی دەفتەرەن، زوڵاڵ ئاوێستا
بنیام زەردەشتەن، دەفتەر وەدەستا    زاتش چە بادەی شاهەنشا مەستا

ڕێباز و فەلسەفەی ئایینی یارسان لەسەر بناغەی دۆناو دۆن و وەرچەرخان و(سوڕانەوە و بەردەوامبوون)دامەزراوە، هەروەکو ئایینی زەردەشتیش یاسای( سووڕانەوەو بەردەوامبوون) دووپات دەکاتەوە. زریان کاکەیی(2015، لا 129)

سان برگەی دووەمی(یارسانە) کە مانای: سوڵتان، مەزن، پیرۆز، و مەڵبەندە. بە نوێکەرەوەی ئایینی یارسان، یارانی دا سوڵتان سەهاك، کە بەر لە هەفت سەد ساڵ دەرکەوتووە دەڵێن:

( سان سەهاك). لە سەرێکی دیکەوە(یارسان) وەکو کوردستان، ئەفگانستان، ئینگلستان، کە مانای مەڵبەند و نیشتیمان دەدات. کە وابێ یارسان(یارستان) واتە مەڵبەندی یاران، بە کورتکراوەیی لە جیاتی یارسان دەنووسرێ: (یاری). وشەی یار دەکەنە سەرچاوە. تەیب تاهیری(2009، لا589)

لێکدانەوەیەکی تر هەیە کە بە ڕای ئێمە لە ڕاستیەوە نزیکترە ئەویش بەو بەڵگەیەی کە وشەی یارسان بەر لە پەیدا بوونی سوڵتان سەهاکیش لە کەلامەکانی یارسانەکاندا هەبووە. هەروەکو لە کەلامەکانی دەورەی (شاخۆشێن)دا، کە سێ سەد ساڵ بەر لە سوڵتان سەهاك ژیاوە بەدی دەکرێت. لە دەورەی شاخۆشێن لە یەکێك لە کەلامەکانیدا، پەیوەست بە باسی فەلسەفەی ئایینی یارسان لە سەرەنجامدا، دەفەرمێ:

یارسان وەڕا..... ڕای حەق ڕاسییەن، بڕانان وەڕا

پاکی ڕاستی و نیستی و ڕەدا قەدەم وەقەدەم، تا وە مەنزڵگا

لێرەدا بە ڕوونی ئاماژە دەکا بە کۆڵەگە بنەڕەتیەکانی ئاینی یارسان و ناوی (یارسان)یش بێ هیچ گۆڕانکاریەك بەکارهاتووە. ئەمڕۆش وشەی یارسان ناسنامەیەکی کوردیی پەتیتر بە ئایینەکە دەدات، هاوکات ناوێکی کۆن و دروستتر و مۆسیقیترە، بۆیە ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەرەوە. فەهمی کاکەیی(1998، لا13)

**واژەی (کاکەیی):**

واتە برایی، برادەری، هاوکار و دۆستی یەکدی، بە عەرەبی دەگوترێ(اخیـة). لێرەوە، بڕواداری یارسان سودی وەرگرتووە لە بزوتنەوەی(اخیة)ش کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەبوونە، لە زۆربەی تەریقەت و فیرقە سۆفیگەرەکاندا باو بوونە. واژەی(اخیة- کاکەیی) لە یارسانەوە زۆر نزیکە، ڕیشەی(اخیە- برایی) بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، لە هندستان و چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باو بووە. واژەی کاکەیی بۆ کۆمەڵ و تاك بەکاردێت و زیاتر لە عێراقدا ناسراوە و بۆ یەکەم جار لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا هاتۆتە کایەوە و پێش ئەوسا بە یارسان ناسراوە. فەلەکەدین( 2012، لا99).

لە ئاڤیستادا کائاکا، کەئاکە، و کائەکا، وەکو ناو و ئاوەڵناو بۆ نێرو مێ بەکارهاتوون کە واتای گەورە، سەرۆك، مەزن و چاودێریکەر دەگەیەنن، بە شێوەیەکی ڕوونتر نیشانەی نێر و مێ لە ئاڤێستا هەن و هی مێ(ئا) و هی نێر تەنها(ە)یە، لە ڕووی زمانناسیەوە دەردەکەوێت کە (یی) نسبە چۆتە پاشگری وشەی(کاکە) وە و بووە بە (کاکەیی).

ئەمەش ئەم خشتە کەلامەیە کە لە سەدەمی پردێوەر و سوڵتان سەهاکدا هاتووە و لە سەرەنجامدا هەیە و ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن:

کاکە و کاکەییان نەزم خاوەندکار عەبدەو گ کاکێ نامێما تۆمار

واتە: ( کاکە و کاکەییەکان لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی خاوەندکارە، بەندەی هەموو کاکەییەکانم و ناوم تۆمارە، یانی ئەو ناو و یاسایە سوڵتان بۆی داناوین.

هەروەها پیر تەیار کاشانی لە سەرەنجامدا هاتووە، لە(72) پیرەی سەکۆی شاهۆدا دەفەرمێ:

دۆن وە دۆن ئامابیم پەی وەرە و کاکان

واتە: (دۆن بە دۆن هاتین بەرەو لای کاکەییەکان).

ووشەی کاکەیی هیچ کاتێك ڕاست نییە بە مانای خێڵ و عەشرەت بەکاربهێنرێت، هەندێك دبێژن کە کاکەیی ناوە بۆ عەشرەتێك، ئەمە تەنها لە ترسی خۆیان و بۆ چەواشەکاری خەڵکی ترە، چونکە ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن هەرگیز ناڵێن کاکەیی ئایینێکی سەربەخۆیە، بەڵکو خۆیان بە موسڵمان لە قەڵەم دەدەن، لە ڕاستیشدا لە پێنج شەرتی ئایینی ئیسلام هیچ یەکیك لە شەرتەکان بەجێ ناهێنن، وە لە لایەکی ترەوە ئەمە ڕاستیەکی ئاشکرایە کە چەندان عەشیرەتی وەکو جاف، چۆڵمەك، لەك، زەنگەنە، قەرەسەنی، گۆران، بەرزنجی و هی دیکەش لە ناو کاکەییدا(یارسان)دا هەنە، بۆیە بە دڵنیاییەوە کاکەیی ئایینێکی کوردی سەربەخۆیە وعەشیرەت نیە. زریان کاکەیی(215، لا128).

واژەی (ئەهلی حەق):

لە دوو لایەنەوە بە یارسان(کاکەیی) دەڵێن ئەهلی حەق. یەکێکیان ئەوەیە کە واژەی(حەق) هەمیشە لە ناو تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان دووبارە دەبێتەوە، کە بە مانای خودایە، پەروەردگاری جیهانە، بەرزترین پلەی عیرفانە(خۆناسی و خودا ناسیە). لە سەرێکی دیکەوە یارسان پەیڕەوی ڕێبازی ناسراوی سۆفیگەرییە کە دەڵێت ئینسان بە چوار قۆناغدا تیدەپەڕێت: (شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت). لە پلەی حەقیقەتدا ڕۆشن دەبێتەوە و لە دەرگای پەروەردەگار نزیکتر دەبێتەوە، واتە: (خۆی دەناسێت و ئەوسا خودا دەناسێت). لێرەوەیە کە یارسان لەگەڵ زۆربەی فیرقە سۆفییەکانی جیهانی ئیسلام یەکدەگرێتەوە و لە پاکستان و ئەفگانستان ناوی بە (زکری)دەبەن کە بە مانای دەروێشییە. چەندین فیرقە و گروپی دیکەی سۆفیگەری جیهانی ئیسلام هەنە، کە هەر یەکە خۆیان بە ئەهلی حەق دەزانن، واتە: هەق لای ئەوانە، یا بە حەق گەیشتوون، حەق ناوێکی دیکەی خودایە.

فەلەکەدین کاکەیی( 2012، لا 100).

دەستەواژەی(ئەهلی حەق) و عەلی ئیلاهی نابێ بە هیچ شێوەیەك تێکەڵ بە یەکتری بکرێن، چونکە ئەمانە دوو کۆمیونیتەی ئایینی جیاوازن و لە دۆگم و باوەڕی ئایینیدا لە یەکترییەوە دوورن، دەبێ لەوە ئاگاداربین کە لە ناونانی ئەهلی حەقدا، وشەی(حەق) بە مانای هەق نایەت، وەکو مانا فەلسەفییەکەی، بەڵکو بە مانای حەقیقەتێکی باڵا دێت کە ئەویش خودایە.

ڤ. مینۆرسکی( 2005، ل 12 ).

**دۆگماکانی ئایینی (یارسان)**

ئەوەی تایبەتمەندییەکی جیاواز لە ئایینەکانی تر بە ئایینی یارسان دەبەخشێ دوو ڕەگەزی گرنگ و گەوهەری تەسەووفە، بە تایبەتیش تەسەووفی ئەوپەڕگیر ئەویش- یەکێتیی بوون (وەحدە الوجود) و بەرجەستە بوونی خوا و دۆناو دۆنە.

یەکێتیی بوون هەمیشە بەناوی شێخی گەورەی ئەندەلوسی ابن العربی(1165- 1240) ییەوە بەندە کە بەلای ئەمەوە خوا، وەکو تاقەبوونێکی باڵا و واقیعی، لە دوو لایەن تەماشا دەکرێ، لە لایەنی نهێنی و شاردراوییەوە کە نەهەستی پێدەکرێ و نە دەناسرێ و نەپێناس دەکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك ڕێگای چەندبوون( پلورالیزم، تعددیە) ی خوا نادات، لایەنی دیار (زاهیر) و بەرچاویش کە ئەم واقیعە باڵایە خۆی لەناو چەند شێوەیی و چەندیەتیی شتاندا دەنوێنێ، ئەوانەی هەر خۆی خەڵقیکردوون، بەم جۆرە بوون(وجود) لە ڕوانگەی شێخی گەورەوە، دەوری ئاوێنە ڕەها(مطلق) دەبینێ، واتە ئەو ئاوێنەیەی کە خوای ڕەها و تاك و تەنیا ڕەنگی تیا دەداتەوە. بۆ زێتر ڕوونکردنەوەی هزری یەکێتی بوون ئەم دێڕە شیعرانەی میرزا غالیب(1797 – 1869) شاعیری گەورەی هیندوستان گرنگ و سودبەخشە لە بارەوە:

دونیا چییە؟ ئاوێنەی حەقیقەتە،

ڕووەکەی_ جێگای لێ وردبوونەوەیە لە ڕووی خودایی،

لە هەرە بچووکترین پارچەیدا

دەبینی بەچاوی خۆت نیشانەی تاقە خالیق. د. ڕەشاد میران(2017، لا 203)

بە هەمانشێوە لە (تەزکەرەی ئەعلا)دا کە تێکستی پیرۆزی ئایینی یارسانە، کلامێکی بە هەمان مانای تیایە و بە ڕوونی هزری یەکێتیی بوون دەبەخشێ، کلامەکە بەم شێوەیە ماناکەی:

لێرە هەمو شتێکی سەر ڕووی زەمین لە نووری خواوەیە و دنیاش جێگای پاك و ڕاستانە... کەواتە نابێ نکۆلی لە خەڵك و پەیڕەوکەرانی ئایینیتر بکرێ چەنکە، بە پێی ئەم فکرەیە، ئەمانیش پاك و ڕاستن. بە پێی ڕیبازی ئایینی یارسان، باوەڕیان هەیە کە خودا لە هەمو شتێکداو واتە نوری خودا لە هەمو شتێکدا هەیە تەنانەت لە ئاژەڵیشدا.

د. ڕەشاد میران(2017، لا 204).

بە پێی ئایینی یارسان ئەسڵی وجود لە ڕوناکیی زاتی خواوەندەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا (سورة النور: الآيات 34- 35)

**﴿وَلَقَدْ أَنْزَلْنا إِلَيْكُمْ آياتٍ مُبَيِّناتٍ وَمَثَلًا مِنَ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِلْمُتَّقِينَ (34) اللَّهُ نُورُ السَّماواتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكاةٍ فِيها مِصْباحٌ الْمِصْباحُ فِي زُجاجَةٍ الزُّجاجَةُ كَأَنَّها كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لا شَرْقِيَّةٍ وَلا غَرْبِيَّةٍ يَكادُ زَيْتُها يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نارٌ نُورٌ عَلى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾**

واتە: (خوا نوری ئاسمانەکان و زەوییە، وێنەی نوری خوا وەکو چرادانێك کە لەودا چرایەك(ی چڕ نور)هەبێ، ئەو چرایەش لە نێو حوبابێك(ڕوپۆشی چرا لە شوشە یا بلور)دا بێ، حوبابێکی بێ گەرد و گرشەدار، وەکو ئەستێرەی وورشەدار، ئەو چرایە بە ڕونێك

ڕوناك ئەبێ و گڕ ئەگرێ كە لە دار زەیتونێك پڕ پیت و بەرەكەت گیرابێ، كە نە خۆرهەڵاتی بێ هو نە خۆراوایی بێ، (ڕونەكەی ئەوەنە بێخەوش و پلۆلاوتەو پاك بێ)بێ ئەوەی ئاگری بگاتێ، گڕ بگرێ و بابیسێ، نور لەسەر نورە(تیرێژ و تیشك بەسەر تیشك و تیرێژ و نور دەهاوێژێ) هەر كەسێك خوا بیەوێ، بەرەو نوری خۆی ڕێنوێنی هیدایەتی دەكا و بۆ خەڵك مەسەل دێنێتەوە، وە خوا بەسەر هەموو شتێكدا ئاگایە. لە ئینجیلی پیرۆزی مەسیحیەتیشدا هاتووە كە پەروەردگار دەفەرمێ( بە ڕووناكی....ببەو، من وەك ڕووناكی و لە ڕووناكیەوە هاتوومەتە جیهان.....). (ئینجیلی پیرۆز، پەیمانی نوێ، پەیامی یۆحەنا، لا239) واتە: یەكەم ڕووناكیەكەی خولقاند لە سەر زەوی و لە سەرچاوەی ڕوناكیەوە هاتووە. لە كتێبی پیرۆزی(سابیئە مەندایییەكانداكان الكنز العضیم) هاتووە كە وەختێ ئادەم كاروباری لەسەر ڕووی زەوی بەجێ دەگەیەنێت ئیتر دەگەڕێتەوە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی كە نیشتیمانی ڕووناكییە.

بە پێی ڕامانی ئایینی یارسان دەڵێ: ئەسڵی بوون(وجود) یەكە، كە كردگارە، هەموو بوونەوەر و گیاندار و هەسارە و كاكێشانەكانیش هەر لە وجودی ئەوەوە پەیدا بوونە، هەموو پێكەوە بۆ یەك مەرام دەڕۆن. مەبەست لە هینانەوەی باسی ڕووناكیی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، یارسان وەك باوەڕدارانی دیكەی عیرفان و سۆفیگەر، دەڵێن كە هەموو كایینات لە نووری خواوەندەوە هاتووهن و، لە ڕۆح و دەروونی هەر مرۆڤیكدا زەڕەیەكی ڕووناكیی پەروەردگار هەیە، كە دەبێ لە ڕێگای خواپەرستی و چاكەوە هەوڵبدەین ئەو ڕووناكییە شاراوەیە، لە ناوەوە، تیشكبداتەوە و جیهانی هەست و هزر، یا جیهانی(غەیبە) ڕۆشن ببێتەوە، ئەوە ئەسڵی فەلسەفەی ڕۆشنبوونەوەیە. فەلەكەدین( 2011، لا11).

شێخ ئەمیر لە سەرەنجامدا، ب 34 دەفەرمێ:

ئەوسا پادشام نە دانەی دوڕ بێ بنیامین نە یۆت كەس نەزان سڕ بی

واتە: (ئەوسا پادشا- كردگار لە نێو دانە دوڕێكدا بوو، پیر بنیامین لە نهێنیدا كەس نەیدەزانی لە كوێدایە).

لە سەرەنجامدا لە كلامەكەی شێخ عیسێ و سوڵتان سەهاكدا دەفەرمێ:

خۆشین خۆشنام بی وە زەرڕەی خۆر داخل بی وە بەطن مادەر مادەر

واتە: (خۆشینی خۆشناو بوو بە زەڕڕەی خۆر و چووە نێو سكی ماما جەلالەوە)، یانی بە شێوەی نوور چووە گیانی مامە جەلالەوە، واتە لە نووری خودا بە دنیا هات و پاش مردنیش دەگەڕێتەوە سەرچاوەی خۆی.

بە پێی ئایینی یارسان چركەساتی ئەفراندن و ئیرادەی ئاشكراكردنی (عالەمی دوڕ) ناوبراوە، كە خۆی ئوستوورەی ئەفراندنە لە ئایینی یارستان، كە دەكاتە چركەساتی(كن فیكون)، كە لە كلامێكی شێخ ئەمیر وەكو **لە سەرەنجامدا هاتووە**، بەم شێوە شرۆڤە كراوە و دەفەرمێ:

*نە لەوح نە قەڵەم نە یار نە ئەغیار پادشام نە دوڕ بی دوڕ نە دەریا بار*

*نە گاڵای گاڵ بی نە چڕای چڕ بی تا چەند وەقت پادشام نە دانەی دوڕ بی*

وە لە كلامێكی تردا پیر بنیامین لە سەرەنجامدا دەفەرمێت:

*دامم دا نیشا.... خواجام الله بی دامم دا نیشا*

*نە بەحر دوڕی شیبام ئەو پیشا دوڕمان راما خواجام پیش كیشا*

واتە: ( ئایینی یارسان لە دەوری بنەڕەتی ئەزەللی پێش ئەفراندن و چۆنیەتی تەقینەوە و لێك بوونەوەی دوڕەكە( حەقیقەت)-( كنت كنز مخفیا فأحبت ان اعرف) بە دنیا هاتنی تەواوی خولقێنراوەكان، پێكهاتی ئەو دوڕەن. لێرەوە ڕیشەی یەكتاپەرستی و باوەڕ بە ئیشراق سەرچاوە دەگرێ كە سەیری هەر شتێك بكەی كردگاری تیا دەبینی، وە دەگەیێتە ئەو ئاكامەی كە هەبوون و نەبوون حەققەو بەشێك لە زاتی ئیلاهی لە جەوهەرییدا پەنهانە (شاراوەیە). تەیب تاهیری( 2009، لا 676).

كەواتە ئایینی یارسان بڕوای بە یەكبوون، یان یەكێتی بوون(وحدة الوجود) هەیە: چونكە یەك ئیرادەو یەك وزەو توانا و یەك گەردوون و هەر هەمان مادەو وزە(ئەنەرژی)هەنە كە ئەبەد تەواو نابن و لەبن نایەن و نابڕێنەوە، هەمیشە جێگۆڕكێ دەكەن و دۆنیان دەگۆڕن و دەورە بە دووای دەورەدا دێن تا ڕۆشن دەبنەوە. فەلەكەدین كاكەیی( 2012، لا 14).

## مرۆڤ خودایی(تجسیدی ئیلاهی- الحلول) :

بە پێی ڕامانی ئایینە سامیەكان، خودا خۆی پیشانی كەس نادات، مەگەر زۆر بە دەگمەن و پەڕجۆ(معجزات)وەك بینینی خودا لەلایەن عیسای كوڕی مرێم و محەمەد پەیامبەری موسڵمانان، لەكاتی بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، كە بە (معراج) نێو دەبرێ، وشەی(معراج) پێوەندیی بە (میترا)، واتە خودای خۆرەوە هەیە، كە لە ئاسماندایە، بە پێچەوانەی ئەمەوە، بڕوادارانی ئایینی یارسان، وەكو بڕوادارانی ئایینە كوردییەكانی تر( ئێزیدی، ئالەوی،) باوەڕیان وایە كە خودا(كردگار) خۆی لەمرۆڤ دانەبڕیوە، بەڵكو پەیوەندی

بە مرۆڤەوە دەکات، یان دێتە دۆنی مرۆڤ، بە پێی ڕامانی ئەم ئایینە، بەشێك لە ڕەوانی خودا، یان وەك یارسانیەکان دەڵێن: (ڕەوانی مرۆڤ فووی هەناسەی کردگارە).

جەمال نەبەز( 2009، لا 46).

لە ئایینی یارسان بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی سەرەنجام پەروەردگار(خواوەند)لە ئەزەلەوە لە ناو گەوهەرێکی داخراوبوو، یەکەمجار لو ناو کەسی (خاوەندکار)واتە ئەفریدەکاری جیهانی دەرکەوتووە، دووەمجار لە کەسی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب، خالیفەی چوارەمی ئیسلام)، لە سێیەمجار بە دواوە بەتەواوی دەبێتە ئۆرژیناڵ و تایبەت بە یارسان دەرکەوتووە، لە ڕێگەی دۆناو دۆن بە لەش(جەستە) ئادەمیزاد و بە گیان کردگار بوونە. بە پێی بیروباوەڕی یارسانەکان لە سەردەمی تازەدا، واتە دەورەی پاش ئیسلام کردگار حەوت جار خۆی لە بەرگی(قاڵبی) ئادەمیزاددا نوواندوە، هەر جارەش(چوار مەلەك) یا پینج فریشتەی نوورانی شوشەیی لەگەڵدا بووە، وەکو نموونە: لە دەورەی سوڵتان سەهاکدا: (پیر بنیامین، داودی دەلیل، پیر مووسای دەفتەردار، مستەفای باشکەماندار، دایراك – دایە ڕەمزبار). بیر و باوەڕی ئایینی یارسان کە لە سەر بنچینەی دۆنا و دۆن دروست بووە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە کردگار حەوت جار دێتە خووارەوە بۆ سەر زەوی و ڕێبەری ڕێنمایی یاران دەکات لەسەر زەوی بۆ سەر ڕێی ڕاستان(ڕێی حەقیقەت)، هەر جارەش فریشتەکانی لەگەڵدا دەبێ، کردگار لەگەڵ فریشتەکاندا یەکێتییێکی تەواو و بێ کەمو کووڕی دروست دەکەن و هەر فریشتەیەك پێگەو فەرمانی تایبەت بە خۆی هەیە. بەم جۆرە لای یاران هێزی دروستکەر(گیان) لە ئاسمان دەبێ و(لەش) لەسەر زەوی دەبێ، بە لایانەوە لەگەڵ ئەوەی کردگار لە بنج دا هەر گیانێکەو بەڵام چونکە دەچێتە ناو لەشی جۆراو جۆرەوە خۆی لە قاڵبی جیاوازدا پێشان دەدا، بەم پێیە بە ناویش وەکو لەش( قاڵب، جەستە)زۆر دەبێ، بۆ نموونە: لە سەرەنجامدا دەورەی پردێوەر، سوڵتان سەهاك لە کڵامێکدا بە زمانی پیر بنیامین دەفەرمێ:

داود ڕەهبەرەن، وە شوون و شەسا      خواجام(قودرەت)بێ، غولام سەرمەسا

یاران بەیانی، شاهێد و گەوا      یادیم وە دەرگای، خواجای (شەنتیا)

ئەوسا پادشام، نە دەوون (یا) بی      نە ئەرز نە سەما، نە سورەییا بی

نە زات نە بەشەر، نەشەرت نە قەرار      نە لەوح نە قەڵەم، نە دەنگ نە دیار

واتە: ( داودی دیوان ڕێبەرە و نێردراوە، خواجام(مورشیدم) قودرەتە، من غولامی(مریدی) سەر مەست بووم، یاران بەڵگە و شاهێدی دەدەن، لە دەرگای خواجەی شەنتیا(داود)، ئەوسا پادشا( لە دۆنا و دۆن)، (یا) بوو، نە ئەرز، نە ئاسمان، نە ئەستێرەکان هەبوون، نەزات، نەبەشەر، نە ئەرز نە قەرار، نە لەوح نە قەڵەم نە ئاواز نە خەڵك هەبوون).

لێرە ناوەکانی( قودرەت، شەنتیا و یا )ناوی کردگارن(خودا)ن لە ئایینی یارساندا.

مارف خەزنەدار( 2010، لا، 249-250).

بە پێی ڕامانی یارسانییەکان، خودا(کردگار) هەتا هەتا خۆی لە مرۆڤ ناشارێتەوە، کە بەشێکن لە خۆی، بەڵکو خۆی پێشاندەدا لە ڕێی گەڕانی ڕەوانەوە (دۆنا و دۆن یا کراس گۆڕین). بە خۆپێشاندانی ئێزدانی دەگوترێ(دیاردەی ئیزدانی) کە بە زمانی ئینگلیزی (Manifestation)ە و، فارسەکان کردوویانە بە مەزهەریەت کە ئەمەش لە (مەزهەر) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە (شێوەی دەرکەوتن)، یا (وێنەی هاتەڕوو)، و وشەی(بوونە تەن) یان (بوونە لەش)، (تجسم)یش بۆ ئەمە بەکاردەبرێن. ڕەوانی ئێزدانی، بەپێی ڕامانی ئێزیدیەکان، لەسەرەتای سەرەتادا، واتە پێش بوونی(ئەزەل)، کاتێك کە ئەم گەردوونە نەبووە، خوا لە شێوەی مەلێکدا بووە، کەنێوی(ئەنقەر)بووە و لەلای یارسانییەکان لە شێوەی بازێکدا بووە، کە وشەی(شا بازی قەلەندەر) لەمەوە وەرگیراوە. کردگار لە نووری پیرۆزی خۆی(دوڕێکی سپی)، وەك یەکەمین بووە، ئەفراندووە، کە دوڕەکەی تەقاندووە، زەریایەك دەرچووە لێی، پاشان زەوی و ئاسمانەکان دروستبوون و، لە پارچە و کەرتی دوڕەکەش، مانگ و خۆر و ئەستێرەکان هاتوونەتە بوون. جەمال نەبەز( 2009، لا 48).

بە پێی ڕامانی یارسانی، بوونی ئێزدانی، هەر لەپێش بوونەوە، لە نێو ئەو دوڕەدا بووە.

واتە: سەرەتای خەلقەت ئەو تەقینەوەیە بووە کە لە جێگەیەکی نادیارو کەسنەزانەوە پەیدا بووە، گەردوونیش هەر هەموو دەرکەوتە(تەجلی) زاتی پەروەردگارە هێزی وزە (ئەنەرژی)ی ناو دوڕەکە بوو بە مادەی گەردوون و ژیان. ئەوەش یەکەمین گۆڕانی وزە بۆ مادەیە.

فەلەکەدین کاکەیی(2011، ل9).

(پیر بنیامین) لە سەرەنجام لە دەورەی (پیرە و پیرالی) بەم شێوە لە کڵامێکدا شرۆڤەی تەقینەوەی دوڕەکە دەکات و دەفەرمێ:

خەواسە و جەیحون      بنیامینەنان خەواسە و جەیحوون

ئەوسا شام رشیا چە دوڕە و بتوون      ئیز وێم بیام چە وێم بیم نگوون

دوڕش شکاوا شای بێ چەنو چوون      شانا بی وە چەرخ ستارەی سکون

ستارەش سازا چە یاران فزوون      پەی سەما و زەمین ئەز کەرد وە ستوون

واتە: (دووای تەقینەوەی دوڕەکە پارچەکانی دەبنە سەرچاوەیەك بۆ بەدی هاتنی ئەستێرەکان و زەوی وسروشت و چەرخی گەردوون و بوونەوەرەکان).

تەیب تاهیری( 2009، لا 677).

هەربە پێی بیروباوەڕی یارسانییەکان، تەخت(عرش)ی ئێزدانی، لە شێوەی دوورێکدا بووە، کاتێك کە ڕەوانی ئێزدانی بۆ یەکەمینجار لە شێوەی (خاوەندکار)دا خۆی دەرخستووە، وەکو یەکەمین بووەش، خاوەنکار پیربنیامین لە باخەڵی خۆی دەرهێناوە(پیربنیامین دۆنی پیر خدری شاهۆیە)و، خاوەندکار پەیمانێك لەگەڵ بەستووە و بەوپێیە ڕاستیی پێشانی داوە، هەردوو جیهانی بەدیاری پێداوە. جەمال نەبەز( 2009، لا 49).

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم دیاردەی ئێزدانییەی ئایینە کوردییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی شێوە و قاڵب بۆ خودا پەیدا بکرێ، کە ئەمە دژی ئەو ئایەتەیە کە لە قورئاندا هاتووە و دەڵێ( خودا لە هیچ شتێك ناچێ و بیسا و بینایە .....لیس کمثله شیء وهو السمیع البصیر) سوورەتی الشوری ئایەتی(11). بەڵام هەر لەقورئاندا حەوت ئایەت هەنە کە باس لە دەست یا چاوی خودا دەکەن. هەر لە قورئاندا حەوتجار باسی تەختی خودا(عرش) کراوە کە خودا لەسەر ئەو تەختەیە. ئەمەش لە سەردەمی کۆنی مێژووی ئیسلامدا، گیروگرفتی زۆری بۆ قسەکەرەکان(متکلمون)ی ئیسلام دروستکرد، بە تایبەتی لەسەرەتای چوارەمی کۆچیدا، کەبوو بەهەرا لە نێوانی لایەنگرانی(تشبیە) لێکچواندن و دژبەرەکانیاندا. موعتەزیلەکان دەیانگوت، بوونی ئێزدانی بە هیچ جۆرێك ناچێتە قاڵبی مرۆڤەوە و تایبەتکاری مرۆڤی نییە و دەیانگوت(قورئان لە ئاسمانەوە نەهاتووتە خوارێ، بەڵکو دەستکردی(مخلوق)ە. باوەڕیشان بەبوونی ماك(مادە) و ڕەوان(ڕۆح)ی جیالەیەك نەبوو، دەیانگووت:(ڕەوان توێژێکی نازکی مادەیە). . جەمال نەبەز( 2009، لا 49).

حەنبەلییەکان کە لاریان لەبوونی وێکچوون نەبوو، هەروەها زاهیرییەکان، ئامۆژگاری لایەنگرەکانی خۆیانییان دەکرد، لەکاتی قورئان خوێندنەوەدا کە دەگەنە ئەو ئایەتانە، داوای لێکدانەویان نەکەن، بەڵکو(لاتکیف) واتە: مەڵێ چۆن! هەڵسوکەوت بکەن. وەکو ڕاستیەك ئێمە دەزانین کە خودا لەئایینی ئیسلامدا تەخت(عرش)ێکی هەیە، بەڵام لە هەموو جێیەکیش هەیە( واتە: بێجێ-لامکان)ە. لە ئایینی زەردەتیشدا هەروایە، ئاهورامەزدا لە هەموو جێیەکە و لە شوێنێکیش تەختێکی هەیە کە بە(گرونەمەن) نێودەبرێ. لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو، کە ئێزدان لە میتۆلۆژیای کورددا، بە پێچەوانەی ڕامانی بتپەرستەکانەوە، کە بتەکانیان قاڵب و شوێنێکی هەمیشەییان هەبووە، ئاهورامەزدا شوێن و قاڵبی هەمیشەیی نییە. هەرچەندە، ڕەوانی ئێزدانی دەچێتە قاڵبێکی ماکییەوە، بەڵام هەتاسەر و هەتاهەتا لەم قاڵبەدا نامێنێتەوە و لە یەك شوێندا ناگیرسێتەوە. بەڵکو قاڵب و شوێنی دێنە گۆڕان. ئێزیدیەکان، بەو قاڵب گۆڕینەوەیە دبێژن(کراس گهۆڕین)، یارسانییەکان و عەلەوییەکان دبێژن(دۆنا و دۆن). یارسانییەکان، ڕەوانی ئێزدان، وەك تیشکی خۆر و ئاو دەبینن. تیشکی خۆر و ئاو دەتوانن بچنە نێو هەموو دەفرێك و هەموو شوشەیەکەوە و ڕەنگی ئەو دەفر و شوشەیە بگرن کەتێیدەچن، بەڵام ئەمە هەر ئەوکاتەیە کە لەنێو ئەو دەفرو شوشەیەدان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێزدان و خۆر یەك شت نین، بەڵکو ئێزدان خودای خۆرە، وەك میترایستەکان دبێژن. لەبەر ئەوە، کورد خۆر پەرست نەبوون، بەڵکو خوای خۆریان پەرستووە، کە خوای ڕۆناکیە و ڕێزی ڕۆناکییان گرتووە، کە بۆ یەکەمینجار پێش دۆزینەوەی ئاگری دەستکرد، ئەو ڕۆناکییەیان لە خۆر و بروسکەدا بینیوە. ئەوجا پاش ئەوەی ئاگر دۆزراوەتەوە و ئاگریش وەك خۆر و بروسکە(هەورەتریشکە)ڕوناکبووە، ئاگریشیان بەشتێکی پیرۆز زانیوە. جەمال نەبەز( 2009، لا 50).

**دۆناو دۆن**

فەلسەفەی دۆناو دۆن( تناسخ الارواح Metempsychos ) کە باوەڕێکە و گرنگی بە زیندووبوونەوەی گیانی (ڕۆحی) مرۆڤ دوای مردنی، واتە یەکێك کە مرد گیانی دەچێتە لەشی مرۆڤێکیترە، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی بە باوەڕی (حلول) هەیە و بگرە هەدووکیان، لە بنەڕەتدا یەك بنەمای فکرییان هەیە، بە گوێرەی ئەم باوەڕە، کە یەکێك دەمرێ ئەگەر لەژیانیدا مرۆڤێکی چاك بووبێ، ڕۆحی دەچێتە لەشی مرۆڤێکیترەوە- یان وردتر، ئەو کەسە بەشێوەی مرۆڤێکیتر لەدایك دەبێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە لە ژیانیدا مرۆیەکی خراپ بووبێ، ئەوا گیانی لەتەنی دڕندەیەکدا یا گیانەوەرێك، کە ژیانی لە زەجردابێ دەردەکەوێ. ڕەشاد میران (2017، لا 207).

دۆناو دۆن، واتە: (کەوڵ گۆڕینەوە)گواستنەوەی ڕۆحەکان لە قاڵبێکەوە بۆ قاڵبێکی دیکە. هەر گیاندارێك کە دەمرێ وەکو ئەوەیە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی دیکە سەفەر دەکات چونکە ڕۆحی دەچێتە قاڵبێکی دیکە، لە ڕەگەزو جۆری خۆی یا شێوەیەکی تر. باوەڕدارانی دۆناو دۆن یەکجۆر نین، بەڵکو بیروڕا و بۆچوونی جیاوازیش لە نێوانیان دەبینین. یارسانییەکان بۆ نموونە: کلیل و جەوهەری ئایینی یارسان فەلسەفە و باوەڕە بە(دۆناو دۆن)، لە ڕوانگەی دۆناو دۆنەوە بڕوا و ئایینی خۆیان بۆ ڕۆژی خیلقەتی گەردوون دەگێڕنەوە، کە لەوە بە دواوە دۆناو دۆن (واتە قۆناغ بە دووای قۆناغ) هاتوون تا ئەمڕۆ.

زریان کاکەیی( 2015، لا 8).

ئالی قەڵەندەر: دۆنی بابا یادگارە، لە سەرەنجام دەربارەی دۆناو دۆن دەفەرمێ:

کەردەی دۆنای دۆن، کەردەی دۆنای دۆن

ها گرد بەیدێوە بگنمێ ئەو شۆن          ئێرج بیانان پوور فەرەیدوون

واتە: (هەر هەمووتان لە ڕێگەی دۆناو دۆنەوە وەرنەوە تا بکەوینە شوێنی دینی یار، من ئێرەجی کوڕی فەرەیدوونم)، گەوهەری فەلسەفەی دۆناو دۆن، ڕۆح جارێ لە کەوڵی مرۆڤێکی سادە سەقامگیر دەبێ، جارێکیشیان بە گەدا یان دێوانە، جار جاریش بە پاشاو هەندێ جاریش بە گیانلەبەرانی دیکە، بە پێی بڕوا و ڕامانی یارسانییەکان ڕۆح دەچێتە کەول(قاڵب)ی هەموو گیانلەبەرێکەوە. هەردەوێڵ( 2.12، لا 83).

بڕوایەکی جیهانی هەرە کۆنە لە سەرانسەری دنیادا هەبووە و هەیە، نەك بەو مانایە کە هەموو کەسێك بڕوای پێ هەیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەلە ڕووی جوغرایاییەوە، بە زۆربەی وڵاتان و کیشوەرەکاندا بڵاوبووەتەوە، فەلسەفەی دۆناو دۆن بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا دەچەسپێت، چ مرۆڤ بێت یان ئاژەل یان مێروولە یان ڕووەك. هەمووشیان یەك یاسا بەسەریاندا دەچەسپێت و هیچ ڕۆحێکیش لە ڕۆحێکیتر جیاواز نییە، تەنها بە ئەندازەی ئەو کارانە نەبێت کە لە ژیانی ڕۆژادا، خاوەنەکەی ئەنجامی دەدات. فەلەکەدین کاکەیی( 2012، لا 100).

یارسانییەکان بە پێی باوەڕ و ڕامانی تایبەتی ئایینەکەیان دەزانن، دۆناو دۆن عەقیدەیەکی ئێجگار کۆنە، بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە بەڵکو لەو ڕۆژەوە پەیدا بووە کە ئینسان بیری لە خۆی و وجودو گەردوون کردۆتەوە. هەر بۆیەش دۆناو دۆن سەرەتاو بناغەی زۆربەی ئایین و فەلسەفەکانە. لە زەمەنی سۆمەری و یۆنانی کۆنەوە بگرە تا فەرهەنگی فیرعەونەکانی میسر بەر لە پێنج تا شەش هەزار ساڵ، تا ئایین و ئاینزاکانی هیندو ئارایی کە لە هیندستان و کوردستان و ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەرکەوتن، تا ناوەرۆکی ئەسڵی هەندێ ئایینی ئاسمانییش، بەم شێوەیە یان شێوازی تر، باوەڕیان بە دۆناو دۆن هەیە ئەگەر بە ئاشکراش نەڵێن، ئەوە لە ناوەڕۆکدا دانی پێدا دەنێ. فەلەکەدین( 2011، لا 7).

ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی بەر لە ئیسلام لەسەر دۆناو دۆن دامەزراون وەك زەروانی و میترایی (میهر پەرستی)، مانی و مەزدەکی و تا بە ڕادەیەکیش زەردەشتی کە زەردەشت پەیامبەر بە خۆی گوتوویەتی(3) جاری دیکە لە جامەی بەشەری دەردەکەوێ و ناوە تازەکانی خۆشی ئاشکرا کردووە. هەروەها ئایینی برەهمایی واتە: هیندۆسی و بودایی و ڤیداکان، سەراپا لە سەر باوەڕی دۆناو دۆنن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چەندین ئایین و ئایینزا و تایفە هەن کە باوەڕداری دۆناو دۆنن، کە جگە لە یارسان، ئەمانەش لەسەر هەمان باوەڕن: عەلەوی، بەکتاشی، دروزی، ئیسماعیلی، ئێزیدی، شا نعمة اللهی، خاکسار و هی دیکە.

گوڵمراد مرادی(2010، لا 103).

سروشتیە لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا ڕێورەسمی تایبەتمەندی خۆیان هەیە بۆ نموونە: ڕێو ڕەسمی ئایینی یارسان جیایە لەگەڵ هی بوودایی یا ڕێبازەکانی چین و ژاپۆن وە ئەوانیش بە هەمان شێوە. وەلێ گشت باوەڕدارانی دۆناو دۆن لە یەك وێستگەی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە ئەویش بڕوایە بە (مرۆڤ- خودایی) یا (ئینسان- فریشتەیی)، وەك جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێ:، واتە: مرۆڤ لە ڕێگەی ڕۆشنبوونەوەی دەروون و هزرەوە لە حەقیقەتی باڵای گەردوون نزیکدەبێتەوە کە نووری پەروەردگارە (22) پیر سیاوەش، کرماشان، 2017.

بیرو باوەڕی یارسان ئەوەیە کە تەواوی مرۆڤایەتی لە سەرەتاوە تا ئیستاو، لە داهاتووشدا، بەرەو گەیشتن بە حەقیقەت دەڕوا تا بگات بە دوا مەنزلگا. مەبەستی دۆناو دۆنیش پاڵاوتنی ڕۆحی مرۆڤە. دۆن بە دۆن: ژیان بە دووای ژیان، لە هەر ژیانێکدا هەوڵبدات لە خراپە لا بدات و چاکە بکات تا لە ژیانەکی تر بکەوێتە دۆخێکی وەها کە هێشتا زیاتر بە ڕێگای چاك و دروستدا بڕوات، تا سەرەنجام پاکدەبێتەوە و بۆ سەرچاوەی ئەسڵی دەگەڕێتەوە کەڕوناکی کردگارە.( 23 ) هیاس کاکەیی، هەولێر، 2017.

یارسان بڕوای تەواوی بە حەقیقەت هەیە. هەر بۆیەش دەڵێ نابێ بە کەس بڵێن خراپ. چونکە ئێمە تەنها ڕەفتاری ڕواڵەتی(زاهیری) ئینسان دەبینین، بەڵام نازانین ئایا ڕۆحی پاکە(چاکە، پیرۆزە) یا نە، وە لە چ قۆناغێکی پاکبوونەوەدایە. بە پێی ئەو بڕوایە مرۆڤ لە

ژیانێکدا لە خیزانێکی باوەڕدار بە ئایینێك لە دایکدەبێ، لە ژیانێکی دیکەدا لە خیزانێکی باوەڕدار بە ئایینێکی جیاواز پەیدا دەبێ. وەلێ چونکە هەموو بۆ بۆ یەك حەقیقەت دەڕۆن، نابێ بە هیچ بڕواو کلتوور و زمانێك و ڕەگەزێك خراپە بڵێن، یا بە سووکی تەماشایان بکەن. ئەوە ئەساسی ئەخلاقیی هزری ئایینی یارسانە، لە ڕەفتاریشدا دەبێ لێبوردە و سنگفراوان و هێمن و پشوودرێژ بن فەلەکەدین( 2012، لا101).

یارسانییەکان بەهۆی وەدەستهێنانی پلەیەکی بەرزتر و دنیایەکی گەورەتر(دنیایەکی ڕۆحانی و دەروونی) توانیویانە بگەنە ئەو ئاستەی کە ژیان و مەرگیان بەلاوە یەکسان بێ و تەنیا بیر لە ژیانێکی سەرکەوتووانەی ڕۆحانی بکەنەوە. دنیابینیی یارسانەکان لە بارەی(مردن) و(لەدایکبوون) تەنانەت لەدایکبوون و مردنی گەورەپیاوانی ئایینی و پیرەکانیش، وەکو دیاردەیەکی ئاسایی و بێ ئازار وەردەگرن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ بوون بە دۆناو دۆن، بۆیە لەڕووی ئایینیەوە یاران نابێ شین و شەپۆڕو لەخۆدان بکەن بە دووای مردوودا وەکو ئەوەی شیعەکان دەیکەن بۆ حوسێن.

لەم بارەوە شێخ ئەمیر لە سەرەنجامدا دەفەرمێ:

مێردان نەترسان چەی سیاسەتە تەسلیمی گیانان چوین قویتەی بەتە

هەر کەس بزانۆ شۆنی جامەی وێش نەی کوچ و ڕۆ ڕۆ نەدارۆ ئەندێش

واتە: ( باوەرداران نابێ لە مەرگ بترسن، چونکە وەکو(کراسگۆڕین)ە، واتە گۆڕینی جەستە بەپێی ئەم خشتە کلامە، بەهەشت و دۆزەخ وەکو لە ئایینەکانی تردا باس دەکرێ، بوونی نییە و هەر مرۆڤێك دەورە بە دوای دەورە بە دۆناو دۆن کردن قۆناغ بە دووای قۆناغ بەرەو پێگەیشتن و ڕۆشن بوونەوە و کەماڵ دەڕوا لە ئەنجامی کرداری چاکەکاری و پاکی و

بە پێی ڕامانی ئاییینی یارسان دەبێ هەر ڕۆحێك پاش گۆڕینی هەزار و یەك(دۆن) دەگاتە ئەنجام(قاپی مەولا). واتە مرۆڤ پێویستە بۆ پاکبوونەوە لە هەموو خراپەکان و خەوش و پیسیەك و گەیشتن بە پلەی(ڕۆحانی)، هاوکات لە هەر (دۆن)ێکیشدا سەرکەوتوویێت، تاکو بتوانێ دوای ئەو هەزارو یەك دۆنە ببێتە خاوەن ڕۆحێکی بێگەرد و پاڵاوتە و هیچ نیشانەیەکی(مادی) و ناڕۆحانی پێوە نەمێنێت. تەیب تاهیری(2009، لا687).

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە.

- ئایینی یارسان ئاینێکی دێرینی کوردیە و زمانی کوردی شێوەزاری گۆران (هەورامی کۆن)ی بە بنەمای دەربڕینی خۆی وەرگرتووەو بەپێی شوێنەوارە دێرینە پیرۆزەکانی، ئەمڕۆش دیارە لە کوردستان سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و بڵاوبۆتەوە، هەروەها ڕیشەی ئایینەکە بۆ بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە و خاڵی هاوبەش و لێکچووی زۆر هەن لەگەڵ ئایینی زەردەشتی و میترایی. ڕێباز و فەلسەفەی ئایینی یارسان لەسەر بناغەی دۆناو دۆن و وەرچەرخان و(سوڕانەوە و بەردەوامبوون) دامەزراوە.
- ئەوەی سیماو تایبەتمەندی بە ئایینی یارسان دەبەخشێ و لە ئایینەکانی تری جیادەکاتەوە، بنەما بنەڕەتیەکانی دۆگمای ئایینەکەیە، کە بۆتە تایبەتمەندی و بنەمای باوەڕ و پیرۆزی لای یارسانییەکان، ئەویش (یەکێتی بوون) و (مرۆڤ خودایی) و(دۆناو دۆنە)ی ڕۆحە، کە لەسەر ڕاڤەکردنی تێکستە پیرۆزەکانی(سەرەنجام) شیکاری کراوە و ساغ کراوەتەوە. بە پێی ئایینی یارسان ئەسڵی وجود لە ڕوناکیی زاتی خواوەندەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ئایینی ئیسلامیشدا هاتووە، وەك لە قورئانی پیرۆزدا، کە(خوا ڕووناکی ئەرز و ئاسمانەکانە). لە ئینجیلی پیرۆزی مەسیحیەتیشدا هاتووە کە پەروەردگار دەفەرمێ( بە ڕووناکی....ببەو، ڕووناکی بوو). واتە: یەکەم ڕووناکیەکەی خوڵقاند. لە کتێبی پیرۆزی(سابیئە مەندابیەکاندا) هاتووە کە وەختێ ئادەم کاروباری لەسەر ڕووی زەوی بەجێ دەگەیەنێت ئیتر دەگەڕێتەوە نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی کە نیشتیمانی ڕووناکییە. بە پێی ڕامانی ئایینی یارسان دەڵێ: ئەسڵی بوون(وجود) یەکە، کە کردگارە، هەموو بوونەوەر و گیاندار و هەسارە و کاکێشانەکانیش هەر لە وجودی ئەوەوە پەیدا بوونە، هەموو پێکەوە بۆ یەك مەرام دەڕۆن.بە پێی ئایینی یارسان چرکەساتی ئەفراندن و ئیرادەی ئاشکراکردنی (عالەمی دوڕ) ناوبراوە، کە خۆی ئوستوورەی ئەفراندنە لە ئایینی یارستان یەکێتی بوون: بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی (سەرەنجام)، هەموو شتێکی سەر ڕووی زەمین لە نووری خواوەیە و دنیاش جێگای پاك و ڕاستانە... کەواتە نابێ نکۆڵی لە خەڵك و پەیڕەوکەرانی ئایینیتر

بکرێ چونکە، بە پێی ئەم فکرەیە، ئەمانیش پاك و ڕاستن. بەپێی ڕێبازی ئایینی یارسان، باوەڕیان وایە کە خودا لە هەموو شتێکدایەو واتە: نوری خودا لە هەموو شتێکدا هەیە، تەنانەت لە ئاژەڵیشدا(ڕۆحی ئاژەڵەکە).

- بڕواداراانی ئایینی یارسان، وەکو بڕوادارانی ئایینە کوردییەکانی تر(ئێزیدی، عەلەوی بەکداشی، شەبەك)، باوەڕیان وایە کە خودا(کردگار) خۆی لەمرۆڤ دانەبڕیوە، بەڵکو پەیوەندی بە مرۆڤەوە دەکات، یان دێتە دۆنی مرۆڤ، بە پێی ڕامانی ئەم ئایینە، بەشێك لە ڕەوانی خودا، لە ئایینی یارسان بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی (سەرەنجام) پەروەردگارە گەورەکان لە ڕێگەی (دۆناو دۆن)ەوە بە لەش(جەستە) ئادەمیزاد و بە گیان (کردگار) بوونە لەسەر زەوی. بە پێی بیروباوەڕی یارسانەکان لە سەردەمی تازەکردنەوەی ئایینەکەدا لە لایەن (سوڵتان سەهاك)ەوە، واتە: دەورەی پاش ئیسلام کردگار(یەزان) حەوت جار خۆی لە بەرگی(قاڵبی) ئادەمیزاددا نوواندوە، هەر جارەش(چوار مەلەك) یا پینج فریشتەی نوورانی شوشەیی لەگەڵدا بووە، وەکو نموونە: لە دەورەی سوڵتان سەهاکدا: (پیر بنیامین، داودی دەلیل، پیر مووسای دەفتەردار، مستەفای باشکەماندار، دایراك – دایە ڕەمزبار). بیر و باوەڕی ئایینی یارسان کە لە سەر بنچینەی (دۆناو دۆن) دروست بووە، بڕوایان وایە، کە کردگار حەوت جار دێتە خووارەوە بۆ سەر زەوی و ڕێبەری و ڕێنمایی یاران دەکات لەسەر زەوی، بۆ سەر ڕێی ڕاستان(ڕێی حەقیقەت)، هەر جارەش فریشتەکانی لەگەڵدا دەبن، کردگار لەگەڵ فریشتەکاندا یەکێتییێکی تەواو و بێ کەمو کووڕی دروست دەکەن.
- فەلسەفەی دۆناو دۆن( تناسخ الارواح Metempsychos ) کە باوەڕێکە و گرنگی بە زیندووبوونەوەی گیانی(ڕۆحی) مرۆڤ دەدات دوای مردنی، واتە یەکێك کە مرد گیانی دەچێتە لەشی مرۆڤێکیترە، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی بە باوەڕی (حلول) هەیە و بگرە هەدووکیان، لە بنەڕەتدا یەك بنەمای فکرییان هەیە، بە گوێرەی ئەم باوەڕە، کە یەکێك دەمرێ ئەگەر لەژیانیدا مرۆڤێکی چاك بووبێ، ڕۆحی دەچێتە لەشی مرۆڤێکیترەوە-یان وردتر، ئەو کەسە بەشێوەی مرۆڤێکیتر لەدایك دەبیتەوە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە لە ژیانیدا مرۆیەکی خراپ بووبێ، ئەوا گیانی لەتەنی دڕندەیەکدا یا گیانەوەرێك، کە ژیانی لە زەجردابێ دەردەکەوێ. باوەڕدارانی دۆناو دۆن لە ئایینەکان یەکجۆر نین، بەڵکو بیروڕا و بۆچوونی جیاوازیش لە نێوانیان دەبینین. یارسانییەکان بۆ نموونە: کلیل و جەوهەری ئایینی یارسان، فەلسەفە و باوەڕە بە(دۆناو دۆن)، لە ڕوانگەی دۆناو دۆنەوە بڕوا و ئایینی خۆیان بۆ ڕۆژی

خیلقەتی گەردوون دەگێڕنەوە، کە لەوە بە دواوە دۆناو دۆن (واتە قۆناغ بە دووای قۆناغ) هاتوون تا ئەمڕۆ. یارسانییەکان پیان وایە، بەهەشت و دۆزەخ وەکو لە ئایینەکانی تردا باس دەکرێ، بوونی نییە و هەر مرۆڤێك دەورە بە دوای دەورە بە دۆناودۆن کردن قۆناغ بە دووای قۆناغ بەرەو پێگەیشتن و ڕۆشن بوونەوە و کەماڵ دەڕوا لە ئەنجامی کرداری چاکەکاری و پاکی و بە پێی ڕامانی ئایینی یارسان دەبێ هەر ڕۆحێك پاش گۆڕینی هەزار و یەك(دۆن) دەگاتە ئەنجام(قاپی مەولا).

**سەرچاوەکان:**


1. سەرەنجام: کتێبی ئایینی پیرۆزی یارسان.
2. تەیب تاهیری: تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی ڕۆژهەڵات 2009.
3. حاجی نعمةالله جەیحون ئابادی: شاهنامەی حەقیقەت، قسمەت ئیرانشناسی، پاریس، لێکۆڵینەوەی د. محمد موکری، پاریس 1250.
4. جەمال نەبەز: فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، چاپخانەی نارە 2009.
5. د. گوڵموراد مرادی: نیگاهی گوزارا بە مێژووی فەلسەفەی ئەهلە حەق(یارسان)، سوید 1990.
6. کەریم زەند: ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی 1971.
7. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ئاراس، 2010.
8. میهرداد ئێزەدی: چەردە باسیك لە بارەی کوردانەوە، چاپخانەی سەردەم 2006.
9. بۆرەکەیی سدیق(سەفی زادە): کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەیان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری 2001.
10. بەهمەنی هادی ڕەشید: پەیامە هەورامان، چاپی دووەم، سلێمانی 2003.
11. مجید قاضی رەمزیاری: کۆکردنەوە و نووسین، کرماشان، 1379.
12. سدیق بۆرەکەیی،(سەفە زادە): مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ئاراس 2008
13. ئەیوب ڕۆستەم: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینیە تایبەت بە کاکەییەکان، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، 2006.
14. تەیب تاهیری: زەبوری حەقیقەت، کرماشان، 2013.
15. د. ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپی سێیەم ،2017.
16. ئەنوەر قادر ئەحمەد: چەند بابەتێکی کوردناسی، سوید، چاپی یەکەم، 1989.
17. نضام الدین عبدالظمد، تەفسیری گوڵشەن، 2012.

18. قورئان، کتێبی ئایینە ئیسلام، وەرگێرانی، محەمەد ظالح ابراهیمی.
19. قورئان، کتێبی ئایینە ئیسلام، وەرگێرانی، هەژار موکریانی.
20. سید محەمد حوسێنی: دیوانە گەورە، کرماشامو 1382.
21. بەهمەنی هادی ڕەشید:پەیامی هەورامان، چاپی دووەم، سلیمانی، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان 2003.
22. د. گوڵموراد مورادی: ئۆلەکانی جیهان، ،. ناسری ڕەزازی، هەولێر، ئاراس، 2010.
23. فیلیپ کرینبرۆك- کریستییەن ئالیسۆن، کولتوور و ناسنامەی کورد، و. وریا ڕەحمانی، هەولێر، دەزگای موکریانی 2008.
24. فەلەکەدین کاکەیی: ئایینی یارسان، هەولێر، 2011.
25. هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،تهران 1991.
26. محەمد حمە باقی: مێژووی مۆسیکی کوردی، چاپی سێیەم 2009.
27. د. کیومەرس عەزیزیمی: مێژووی شیعەگەری لە کوردستاندا، تاران، 2017.
28. حمەکەریم محمود: کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، سلێمانی، 2006.
29. گەرمیانی ئاسۆو ئامەد تیگریس: کورتە مێژووی کورد و کوردستان، سوید، 1992.
30. مینۆرسکی ڤلادمیر: بنچینەی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، سلێمانی، و، نەجاتی عەبدوللا، مەکتەبی بیر و وشیاری. 2006.
31. کومون فرانتس: نهێنیەکانی ئایینی میترایی، و، فەرهاد عەزیز خۆشناو، هەولێر، موکریان 2008.
32. سیدحەسەنی تەقی زادە: مانی و دینەکەی، چاپی یەکەم، هەولێر، منارە، 2005.
33. تۆفیق وەهبی بەگ: پاشماوەی ئاینی میترایی، و، شێخ بورهان بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری 2010.
34. ن ئیڤانۆڤا: پێرەوانی ڕاستی، یارانی کوردستان( ئەهلی حەق)، و، ئاسۆ کەریم، هەولێر، 2003.

**ملخص**

الدين هو الاساس المهم للتـراث والوعي والفكر لديانـة يارسان ، وهي ديانة كردية قديمة وتعتبر جزءا مهما من التراث الكردي. وتعود مصدر هذه الديانة الى الديانات القديمة مثل عبادة مهر وزردشت وزرظاني التي تعود اصولها التاريخيةالى عصر ما قبل الاسلام. ان النصوص المقدسة لتلك الديانة كتبت بلهجة طوران الكردية (اللهجة الهورامية القديمة ) . ونحاول في هذا البحث بالاعتماد على النصوص القديمة لديانة يارسان في النتبجة وهي معتمدة ومقبولة من لدن اغلبية اتباع هذا الدين .

لذان نحاول في هذا البحث تسليط الضـوء على اسس افكار ديانة يارسان والتي تشمل وحدة الوجود والتجسيد الالهي وتناسق الارواح والتي تم تناولها بشكل محدود من قبل اتباع يارسان انفسهم لاسباب مختلفة .

ولم يستطع الباحثون من اعداد بحوث ضرورية في هذا المجال لحد الان . لهذا بقيت هذه الديانة القديمة - ديانة يارسان- يطغى عليها الغموض في مجتمع كردستان .

**Abstract**

Religion is the significant base of heritage, knowledge and thought of Yarsan Region. Yarsan is an ancient Kurdish Religion and is considered as an important part of Kurdish heritage. Its source goes back to the ancient religions such as Mahr, Zardasht and Zarvan which are dated to the era before Islam. The ancient holy texts of that religion were all written in Kurdish Goran dialect (annold Hawramani dialect).

in this thesis, we try to depend on old holy texts of Yarsan Religion which are acceptable by the majority of this religion followers.

we try to throw light on the bases and principles of Yarsan Religion which include unity of existence, God embodiment and regeneration. All these were touched on very limitedly by Yarsan believers themselves for difference reasons

The researchers were incapable to prepare essential thesis in this aspect up to now. Therefore, Yarsan Religion shall remain ambiguous to most of Kurdistan community.